# بۆ سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی( لووتکەی گۆرانیی کوردی)

جەلال هانیسی



هۆ مەزن، هۆ مەزن،

هەرکات چریکەت باڵ دەگرێ

خەم وەک

مژی بەهاری دەرودەشتی کوردەواری بە جێ دێڵێ

شادی وەکوو سروەی بەرەبەیان

دەخشێتە ناو دڵ و هەناوی

مرۆڤی بێ غەل و غەشی

!ئەم کوردستانە مەزنە

تۆ لە نەمان( ١) لە داییک بووی

بەڵام نەمان ناوی نەماو

تۆ هەرماوی و هەر دەشمێنی

!سنە باوشی بۆ تۆ کردەوە

بەڵام کوردەواری نەیهێشت

!چۆن تۆ کوردستانی بووی

دوور لە ئێستە

(٢)کاتێ ئاوییەر و شیشەڕێ و گووژە

بزەیان دەهات بۆ یەکتر

نە دووکەڵ بوو

نە دوورنج

نە دەهۆ

نە درۆ

!! نە فێڵ

ئێستە ئاوییەر سنگی بریندارە و

شیشەڕێ خەمبار و

گووژەیش دەستە ئەژنۆ

ئاخ ئەی عاشقەکەی شیرین و فەرهاد

!ئەی نەیارەکەی بەختی نەهات

کاتێ سواری ماینە شێیەکەت دەبووی

داروبەردی تەونەگەر(٣) دەهاتنە لەنجە و سەمایان دەکرد

(٥)کاتێ چریکەت بەسەر بناویلە(٤)وکەلی خەیارە

وەك بای مزگێنی

دڵی دەشتەوانی شاد ئەکرد و

بولبولی شەیدای شەیداتر دەکرد

دەنگی تۆ تاسە شکێنی دڵی ئەوکوێستانوچەم و دەشتە بوو

کاتێ کە پێت دەدا لە وێزەنگی ماینە شێیەکەت

سنگی گووژە بگرێتە بەر و

(٦)روو بکاتە بانەی واروایی و(٥)خاڵیماما و

(٨)وێسفتە و(٧)دۆڵەسیرە

(٩)ئەوسا بۆنی بێ خەوشی هانیس

هەڵبمژی و

(١١)روو بکەیتە سەی ئەبۆبەکر

بێژی هەی داد هەی بێداد دەردم تاو تاو

ساتێکم لەرزە و ساتێکم یاوە

ئاخۆ ئەو هاوارە چی بوو

بۆچی تاوتاوە

بێ ئارامی سەرت لێبدا و

هەرساتە مووچڕکێک بێتە لەشتا،

ئێستە گووژە و شیشەڕێ و قەرەوڵ و

(١٣)تەونەسوور و رێحانە گەورە(١٢) مەتەرێزی سنجەرخان

دەنگی تۆ لە گوێچکەیاندا دەزرنگێتەوە

نارە و خوڕەی ئاو و

چریکەی بولبول تەسکینیان نادا،

داخی نەمانی تۆ

وەك نشتەر جەرگی لەت لەت کردووە

ئێستە تۆ لە ناو تایلەی سەییەکانی سەڵواتاوا نووستوی و

!دووری لەم دووکوڵ و دەهۆی رۆژگارە

ئاخ و هەزاران ئاخ

دەردی بێ وڵاتیت بردە ژێر بارمتەی خاک و

ئاواتە هەرە گەورەکەی دەروونت نەهاتە دی

هۆ مەزن

سەد جار داوات لە رەفێقانی تەرێقەت کرد

بەڵام بەم دەم و دەسە یار پەیدا نەبوو

!ئێمەش هەر بە دەردە بە سوەکەی تۆوە

فرمێسک دەرێژین

!بنو ئەی یادگاری فەرهادە بە ئاوات نەگەیشتوەکە

بنو

بنو

بنو

. ناوی کۆنی سەلواتاوایە کە بە قسەی فەرهاد میرزا کردیانە سەڵواتاوا ۱

و۹ دووگوندی نزیك سەڵواتاوان کە سەید زۆر هامشۆی کردون۵

سنجەرخان. کەسێکی شۆڕشگێڕبوو کە رووسە داگیر کەرەکانی لە ناوچەی سنە دەرپەڕاند، بە پیلانی شای پەهلەوی تیرۆرکرا۱۳

.ژمارەکانیتر ناوی کەژوچۆمودەشتن کە بڕێکیان دەشت و مەزرای بنەماڵی سەیید عەلی ئەسغەرن